صافی هیرانی

# نەوای شیعر و چرای نیشتمان

❖ **ناوی کتێب: صافی هیرانی؛ نەوای شیعر و چرای نیشتمان**

❖ **نووسەر: کۆمەڵێک توێژەر**

❖ **نەخشەسازیی ناوەوە: بەهارە عبدالله - هێمن عومەر**

❖ **نەخشەسازیی بەرگ: ئیبراهیم خەلیل**

❖ **چاپخانە: زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر**

❖ **ساڵی چاپ: ٢٠٢٤**

❖ **تیراژ: ٥٠٠**

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (٣٧٧)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.**

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە

# صافی هیرانی

# نەوای شیعر و چرای نیشتمان

(توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە)

٢٠٢٤

# ناوەڕۆك


پ. ی. د. هێمن عومەر خۆشناو

**پێشەکی............................................................................... ١**

پ. د. پەخشان سابیر حەمەد

**چییەتی دڵ و چێژوەرگرتن لە نهێنییەکانی بوون لە شیعرەکانی صافی دا........... ١١**

پ. د. یادگار لەتیف شارەزووری

**لە ئەوەوە بۆ خود - ئاستەکانی کرانەوە لە شیعری صافی هیرانی - خوێندنەوەیەکی دیاردەناسیی......................................................................... ٣٥**

د. یەدوڵڵا پەشابادی

**سیمای شیعری قوتابخانەی بابان لە شیعری سافی هیرانیدا ...................... ٦١**

پ. د. فائز أبوبکر قادر

**ژینگەی صافی و صافی لە دیدی شاعیران.................................................٧٧**

پ. د. سەردار ئەحمەد گەردی

**بڵێسەی دڵی شێخی عاشقان.......................................................... ١١١**

د. سالار تاوگۆزی

**مێژووی خوێندن لە حوجرەی هیران و پاشخانی زانستیی صافی هیرانی.١٦٥**

پ. مەهدی فاتیح عومەر

**لە خۆسەلماندنەوە بۆ توانەوە-دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ پرسیاری: صافی ئەم هەموو شیعرەی بۆ بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟ (تێڕوانینێکی ڕەخنەیی)٢١٣**

د. ژوان عبدالسلام عزیز گەردی

**وەسفی سروشت لە شیعرە کوردییەکانی (صافی هیرانی)دا .....................٢٤١**

ڕزگار جەباری

**یار وەکوو بەردەنگ لە شیعرە کوردییەکانی سافی هیرانیدا ......................٢٨٩**

ڕەوەند ساڵح حەسەن

**ئافرەت لە شیعرەکوردییەکانی سافی هیرانیدا............................................٣٣٧**

م.ی. ڕێناس خالص نادر و پ. د. سیروان جەبار ئەمین

**"جەنگ" و "ڕاو" وەک سەرچاوەی عەشقی عیرفانی لە شیعرەکانی صافیدا بەپێی تیۆری مێتافۆڕی چەمکی ..........................................................٣٨٣**

فریاد نیهاد حاجی و پ. د. سیروان جەبار ئەمین

**بەراوردی عەشقی عیرفانی لە شیعرەکانی صافی هیرانی و مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی دا ......................................................................... ٤١٥**

پ. د. ئاراس محمد صالح و پ. د. صباح محمد بەرزنجی

**ڕەنگدانەوەی عیرفان لە شیعرە کوردیەکانی صافی هیرانیدا ........................ ٤٦١**

م. بۆتان لەتیف عەبدولقادر و د. هبةالله محمدشفیع رسول

**سافی لە نێوان بینینی ئاوەز و بینینی دڵدا ............................................. ٤٨١**

هانا کاکی هیرانی

**ڕەنگدانەوەی قادری بوون لەناو شیعرەکانی سافی هیرانی.......................... ٥٠١**

بارزان طاهر احمد

**ڕۆڵی سەروا لە بنیاتی مۆسیقای شیعرەکانی صافی هیرانی دا ................. ٥٣٧**

د.طارق طاهر عبدالله

**رەگەزدۆزی لە شیعرە کوردییەکانی صافی هیرانی.................................... ٥٥٧**

ئیسماعیل بادی

**صافی هیرانی و دوو هەڵبەستێت ڤەقەتیایی ژ دیوانا وی............................ ٥٨٩**

پ.ی. د. جەعفەر نەجمەدین گوانی

**ڕەنگدانەوەی خاکیبوون لە شیعرەکانی سافیدا ........................................... ٥٩٧**

د.محەمەدزوبێر بایەزی میراوەیی و م.لالە شێخ عەبدولرەئوف نەقشبەندی

**خۆشەویستی راستەقینە لە روانگەی شێعرەکانی (صافی)دا........................ ٦٣٣**

پ. د. جەمیل عەلی رەسوول سورچی

**پێغەمبەرناسی لە شیعری سافیدا ............................................................ ٦٦٣**

أ.د.نجم الدين جميل المفتي و تارا وهبي غفور

**عُلُوُّ مَقام الرَّسُولِ ﷺ، من خلال محاور ثلاثة في قصائد للشاعر العارف صافي هيراني - ١٨٧٣ - ١٩٤٢ م -.................................................................. ٦٨٥**

د.عبدالله رسول نژاد

**التناص الديني والقرآني في أشعار صافي الهيراني الكردية والفارسية ........ ٧٢٥**

دكتر فردين حسين پناهی و اسامه میری

**نقدی بر بخش فارسی دیوان اشعار صافی هیرانی و ضرورت تصحیح مجدد آن........ ٧٥٥**

# پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی شاعیر و ئەدیبانی کورد، هێشتا لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا نەچۆتە نێو مەیدانێکی گەورە و فراوان و تەنانەت بەشێک لە ستوونە جوانەکانی باڵەخانەی ئەدەبیاتی کوردیمان؛ هێشتا ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و دەقەکانیان وەک کەرەستەی خاو ماونەتەوە و ئەرکی ڕەخنەگران و توێژەرانە بیانخەنە بەر تیشکی توێژینەوە.

ئەدەبیاتی کوردیی ناوەند کە زیاتر قەڵەمڕەوەکەی شیعرە و لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا لە چاو شیعری سەر بە زارەکانی دیکەی کورد باش باڵای کردووە و لە ناوچە جیاوازەکانی ئەو جوگرافیا دیاریکراوەدا و بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هێژای هەڵوەستەلەسەرکردنە. ئەگەر چی بەدرێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو چەقی سەرەکیی کار و خەبات لەو بارەوە دۆزینەوەی ئەو گەوهەرانە و ساغکردنەوەیان بووە، کە مخابن بەشێکیان تا ئێستایش نەک هەر لە چوارچێوەی بەیاز و کەشکۆڵەکانەوە ساغ نەکراونەتەوە، تەنانەت نەشدۆزراونەتەوە. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ پاراستنیان و پاشان ساغکردنەوەیان و ئەنجا شرۆڤە و قسەلەسەکردنیان لەبن سایەی تیۆرەکانی ڕەخنەوە؛ سەرفەتتاحی هەنگاوی زانستی و مەیدانی توێژینەوەیە.

صافی هیرانی یەکێکە لە شاعیرانی چوار دەیەی سەدەی بیستەم و لەنێو مێژووی ئەدەبی کوردیدا وێڕای سەردەمەکە کە شیعری کوردی بەرەو نوێبوونەوە چووە، بەڵام وەک درێژکراوەی قوتابخانەی وەفایی و شاعیرە سۆفیمەشرەبەکانی کورد دادەنرێت، کە خاوەنی گەلێک تایبەتمەندییە، کە چ وەک سەردەم و چ وەک شیعرییەتی دەقەکانی لەنێو شاعیرانی سەردەمی خۆیدا بۆتە سیمایەکی تاڕادەیەک جیاکەرەوە. کە گرنگترینیان ئەوەیە شاعیر خۆی یەکێک بووە لە خزمەتکارانی تەریقەت و بەو هۆیەوە وەک شێخ – بە دەربڕینی ناوچەکە؛ کاک-ێک لە بواری تەریقەت ڕابەرایەتی کۆمەڵێکی کردووە و تەنانەت کاریگەرییەکەی

سنووری ناوچەکەی بڕیوە و لە زۆر شوێندا موریدو مەنسووبی هەبووە. لە هەمان کاتدا لە ڕووی زانستیشەوە پلەکانی خوێندنی بڕیوە و وەک شاعیرێکی شێخ و شێخێکی شاعیر و لە سەرووشیانەوە وەک زانایەک خزمەتی کردووە.

سروشتی جوانی هیران و کەشی مەدرەسە و نەوای تەسەووف لای صافی تێکەڵی یەکتر بوونە و بوونە ئەو تایبەتمەندییە کە نەک هەر لە شیعرە کوردییەکانیدا، بەڵکو لە شیعرە فارسی و تورکییەکانیشیدا بە ڕوونی دەبینرێ و وای کردووە کە هەمیشە شیعرەکان بێنە سەر زمان و بە هەوای دەروێشانە و بە هەستێکی پڕ لە مەعنەوییەتەوە ببنە خۆش ئەدا و خۆشئاواز، هەر ئەوەشە تارادەیەکی زۆر؛ تەرزی شیعری کلاسیکی بە بۆن و بەرامەی ڕۆمانتیکەوە سواق بدات، بێ ئەوەی وێنە قووڵەکانی کلاسیک دمۆر ببن و خوێنەر هەست دەکات بە باری جوانیی شیعری کۆنەوە پیاسەیەک بە سروشتە جوانەکەی هیران و کوردستاندا دەکات و چەندی بەو هەورازەدا هەڵشاخێ قاسپەی کەوی شیعر و ئەوین خۆشتر دێتە بەرگوێ و تا دەگاتە پلەکانی عیشقی ڕاستەقینە و لە سەر زمانی خۆیدا دەریدەبڕێ کە عەشقی چاوی بازی خۆیە بۆیە ڕاوی کەو دەکات.

هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە، لە دوای هەشتا ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شاعیر، دونیای توێژینەوە لە دەقەکانی؛ بە ماستەرنامەکانیشەوە لە پەنجەی یەک دەست تێنەپەڕیبوون. بە درێژایی ئەو ماوەیەش ئەوەندەی شیعرە کوردییەکانی پێشچاو بوونە، شتێکی ئەوتۆ لەبارەی شیعرە فارسی و تورکییەکانیەوە نەگوتراوە، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێک توێژەر و خۆتەرخانکردن بۆ وردبوونەوە و هەڵکراندنی دەقەکانی صافی بە ئامانجی بەدەستخستنی واتا و جوانییەکانی؛ دیدار و کۆنفرانسێکی ئاوا بوو کە هەمووان لەسەر خوانی بیر و بەرهەمەکانی ئەم شاعیر و عاریفە گەورەیە کۆبکاتەوە.

ئەم کتێبە نیوەی ئەو توێژینەوانەیە کە لە کۆنفرانسەکە خوێندراونەتەوە، نیوەکەی تریش وا بڕیارە لە یەکێک لە ژمارە تایبەتەکانی گۆڤاری زانکۆدا چاپ بکرێن. بێگومان توێژینەوەکان هەمەلایەنن و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشای شیعرەکانی صافی کراوە و هەوڵدراوە بیر و ڕوانینەکانی بخوێنرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر لەم ڕێگەیەوە جارێک سەر بە ژووری تەسەووف و عیرفاندا دەکات و پەردەکانی سەر دەرگای دڵ هەڵدەداتەوە و ئاشنای کۆد و ژمارە نهێنییەکانی ئەو جیهانە دەبێت و، جارێکی تر بە تێکەڵیی ئایین و تەسەووفەوە؛ ئەوینی شاعیر بۆ خۆشەویست و بینایی چاوان (د. خ) دەدۆزێتەوە و لەوێشەوە نقومی نێو تەریقەت دەبێت و بە بەرگیی نەقشینی نەقشبەندیی دڵەوە مەلە لەنێو دەریای قادریدا دەکات و دواتر بە پێپیلکەی ڕەوانبێژییەوە سەردەکەوێت و لەسەر بانی باڵەخانەی شیعرناسییەوە تەماشای سوارچاکیی و جوانناسیی شاعیر دەکات بۆ خشتەکانی سەروا و هونەرەکانی دەربڕین و چنینی وێنە خوازەییەکان، ئەوەندەی بتوانێ دیمەنە دڵڕفێنەکانی بە چاوی دڵ و بەصیرەتەوە دەگرێ و واتاکانی ئەودیوی هێرمینۆتیک و دیاردەناسی دەنک دەنک هەڵدەگرێتەوە.

لە لایەکی ترەوە بە جیاوازیی زمانی شیعریی شاعیرەوە (کوردی، فارسی، تورکی و عەرەبی)، بەڵکە بە زمانی تریش هەوڵ دراوە نەک هەر بۆ خوێنەری کوردزمان، بەڵکو بە زمانی تر، صافی و جیهانبینییەکەی لە کۆنفرانسەکەدا نیشان بدرێ، چونکە پێمان وایە بۆ ئەوەی بەرهەمی شاعیر و زانایانمان هەر لەنێو خۆماندا ئەمسەر و ئەوسەر نەکەن، دەبێ بە شانازییەوە نیشانی زمانانی تر بدرێ و نەتەوەکانی تریش چاویان بەو مرواری و گەوهەرانە ڕۆن ببنەوە و دڵیان بە کورد و ئەدەبەکەی گەش ببنەوە. بۆیە وەک هەنگاوی سەرەتا نموونەی توێژینەوە بە زمانەکانی عەرەبی و فارسیش خراونەتە نێو ئەم کتێبەوە.

ئەم کتێبە کە بەشێکە لە بەرهەمی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی کۆلیژی پەروەردەی شەقڵاوە لە زانکۆی سەلاحەدین، یەکەم هەنگاوی زانستیی کۆلیژەکەیە لەو بوارە بۆ دەڤەری شەقڵاوە و کەلەپووری ئەدەبیی کوردیی بەگشتی و شاعیرێکی گەورەی وەک صافی بەتایبەتی، ئامانجیش ئەوەیە هەموو ئەو مروارییە کەمبینراو و کەمخزمەتکراوانەی کورد بکەینە کەرەستەی توێژینەوە و لە چوارچێوەی دیدار و کۆنفرانسە زانستییەکاندا لێیان بکۆڵینەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی بەڕێز ڕاگری کۆلیژ و ئەندامانی لیژنەی زانستیی بکەم، کە لێبڕاوانە بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە هاوکاربوون، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە سوپاسێکی بێپایان بۆ هەڵسەنگێنەرانی توێژینەوەکان کە خۆبەخشانە توێژینەوەکانیان خوێندەوە و هەڵیانسەنگاندن. دەستخۆشی و سوپاسیش بۆ بەڕێز کاک شێخ صافی کاکی هیران؛ کە خەرجیی چاپی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆی خۆیان. خوا نموونەی ئەو و هەموو دڵسۆزان زیاد بکات.

ئەمە بەشێکی توێژینەوەکانە و بەهیواین ئەم پڕۆژەیە یەکەم و دوا کۆنفرانس نەبێ بۆ صافی و؛ شیعرەکانی صافی لەوە زیاتر هەڵدەگرن کە لێیان بکۆڵدرێتەوە. ئیدی لە هەموو لایەک حەرەکەت و لە خوای میری مەزنیش بەرەکەت!

**پ. ی. د. هێمن عومەر خۆشناو**
**سەرۆکی لیژنەی زانستیی کۆنفرانس**
**٢٠٢٤/٣/٢٥**